# شەریکە تاوانەکانی باندی "شێخ زانا" کێن‌و
# ئەم مەترسیە چۆن ریشەکێش دەکرێت؟

**رێبوار ئەحمەد**

دەسەڵاتدارانی ئاوێتە بوو بە کۆنەپەرستی ئیسلامی، هەروەها رایاکارانی ئیسلام‌و رۆشنبیرانێکی پاساوچی بۆ نەریتە دواکەوتوانە و شەرقیەکان، دەمێك ساڵە سەرزەنشتی ئێمە دەکەن کە بۆچی دەستەواژەی "وەحشی‌و دڕندەو جانەوەر" بۆ ئینسان کوژانی ئیسلامی بەکار دەبەین. بەڵام لاچونی پەردە لەسەر سوچێکی تاوانی ئەم بزووتنەوەو نەریتە بەربەریانەیە، نیشانیدا کە هێشتا دەبێ بۆ دەستەواژەی تازە بگەرێین تا بتوانین وەصفی پربەپێستی بۆ بکەین. تاوانە راچلەکێنەرەکانی ئەم باندە لە نەریت‌و مێژووی بزووتنەوەی ئیسلامیدا کەم وێنە نین، بەڵکو دەچنە سەر خەرمانێکی گەورە لەم جۆرە تاوانکاریە کە ئەم بزووتنەوەیە بەرامبەر ئینسانیەت ئەنجامی داوە. بەڵام لە هەمانکاتدا بەڵگەیەکی زۆر بەهێزە بۆ ئەوەی رادەی قین لە دڵی ئەم نەریتە بەرامبەر ئینسان‌و رادەی تینوێتی ئەم بزووتنەوەیە بە خوێنی بەشەر، بۆ نەوەکانی ئیستای کۆمەڵگای کوردستان روون دەکاتەوە. بەڵام بۆ ریشەکێش کردنی ئەم مەترسیە، دەبێ رەگ‌و ریشەو هۆکارەکانی سەرهەڵدان‌و بڵاوبونەوەی ئەم جۆرە باندانە بە باشی دەست نیشان بکرێن. گومان لەوە نیە کە باندێکی چەند کەسی ئەگەر زەمینەو هەلومەرجیان بۆ نەرەخسابێت‌و پشت‌و پەنایان نەبێت، ناتوانن بە تەنیا ساڵانێك خەریکی تەراتێن بن‌و ئەم هەموو تاوانە ئەنجام بدەن‌و ئەمنیەت لە کۆمەڵگایەك هەلبگرن. بۆیە پێشمەرجێکی ریشەکێشکردنی ئەم جۆرە باندانە، ناسینەوەی هەلومەرج‌و هۆکارو شەریکە تاوانەکانیانە.

**ئیسلامی سیاسی**

باندە تیرۆریستە ئیسلامیەکانی دیکەو مشەخۆرانی سەر میلاکی ئەم بزووتنەوەو نەریتە تیرۆریست‌و ئینسان کوژە، کەوتونەتە پەلەقاژە بۆ ئەوەی وای نیشانبدەن کە ئیسلام‌و بزووتنەوەو نەریتی ئیسلامی لە تاوانەکانی ئەم باندە بێ بەرییە. هەڵبەت هەموو ئەمانە لانی کەم 15 ساڵە بە دەستێك خەریکی بەرێوەبردنی ئەم جۆرە کارانەو بە دەستێکی تر خەریکی پاساوو پینەوپەرۆکردنین. کاتێکیش کە بە تەواوی لە دەستیان دەشکێت و نە پینەوپەرۆ نە پاساو دادیان نادات و دەکەونە بەرامبەر نەفرەتی فراوانی خەڵك، ئینجا بە ناچاری دەکەونە بێ بەری کردنی رێبازو نەریتی ئیسلامیلەم جۆرە چەپەلکاریانە.

ئەگینا باندەکانی وەکو بزووتنەوەی ئیسلامی، یەکگرتوی ئیسلامی، کۆمەڵی ئیسلامی، ناتوانن نە خۆیان‌و نە نەریتە دارزیوەکەیان لەم جۆرە ئینسان کوژی‌و بەربەریەتە بی بەری بکەن. هەرکامیان مەلەفێکی ئەستور لە کاری تیرۆریستی‌و ئینسانکوژی‌و فتوادانیان هەیە. چەندین بەڵگەنامەی گەورە لە تاوانە دڕندانەکانی هەرکامیان لەبەردەستی خەڵکی کوردستاندایە. تیرۆر و رەشەکوژی‌و سەربرین‌و چاو هەلکۆلین‌و لەتوپەت کردنی ئیسنان، پەلاماردانی سەرتایترین دیاردەو سیماو مافە مەدەنیەکانی خەڵك، هۆهاکێشان لە ژنان‌و پەلاماردانیان، تیزاب رژاندنی بەسەر دەست‌و قاچی ژناندا، پەخشانەوەی فتوای خەڵکی کۆمۆنیست‌و چەپ‌و سکولار، تەنانەت شەری کوێرانە لەگەڵ جوانی سروشت، لە 15 ساڵی رابردوودا ماهیەت‌و کارکردی سەرجەم ئەم باندانەی پێکێهناوە. جگە لەو کارانەی کە راستەوخۆ ئەم باندانە ئەنجامیانداوە، هەرچی دەستەوتاقمێکی تیرۆریستیش ئاشکراو دەستگیرکرابێ، هەرچی بانگیشەکەرانی تیرۆرو کاری توندوتیژی‌و ئینسان کوشتن بووبێ، لە سێبەری رەشی ئەم تاقمانە خۆی حەشارداوەو لە هاوکاری هەمەلایەنەی ئەوان بەهەرەمەندو لە ئیمکانیەتی ئەوان کەڵکی وەرگرتووە. تاوانکارانی چەقۆکێش‌و جەلاد هەمیشە یان راستەوخۆ کادرو سەرانی یەکیك لەم تاقمانە بوون، یان لە مەشقگا تیرۆریستیەکانی ئەواندا مەشقی ئینسان سەربرینیان کردوە، یان بە پسولەی ئەوان جموجۆلیان کردوە، یان لە چەك‌و تەقەمەنی‌و ئیمکانیەتی جۆراوجۆری ئەوان کەڵکیان وەرگرتووە. هەر خودی ئیعترافاتەکان کۆلیك بەلگە لەسەر ئەم راستیانە بەدەستەوە دەدەن. ئەمەش خەرمانەیەك بەڵگەیە بۆ پێویستی هەلپیچانی ئەم جروجانەوەرانەی کە لە ناو کۆمەڵگای بەشەریدا توانای هەلکردن‌و حەوانەوەیان نیە.

**مەلایانی هاندەری تیرۆرو جیهادو توندوتیژی**

ئەو مەلا مشەخۆرو کۆنەپەرستانەی کە رۆژانی بەرامبەرکێی بەرەی سکولاریزم‌و ئازادیخواز لەگەڵ تیرۆریزمی ئیسلامی، فویان دەکرد بە بلنگۆی مزگەوتەکاندا، هەروەکو ئەو سەردەمانەی ستایشی بالای صدامیان دەکرد، بە حەماسەوە هانی کوشتاری خەڵکی کۆمۆنیست‌و سکولارو ئازادیخوازیان دەدا، هانی کوشتاری ئەو ژنانەیان دەدا کە لە نەریت‌و شەرعی کۆنەپەرستانەی ئیسلام لایانداوە، بانگیشەی "جیهاد" و تاوانیان دەکرد، ئەمرۆ نەك هەر ناتوانن پاسەپۆرت بۆ تێپەرینی شەریعەتی دارزیوی ئیسلامی بە ناو ئەم تاوانستانەدا

دەربکەن، بەڵکو خۆیان بەشیکی جیانەکراوەن لە تیرۆریزمو تاوانکاری ئیسلامی. خۆیان تاوانبارو مەحکومن‌و دەبێ سزای خۆیان وەرگرن. ئەگەر لە وولاتیکدابونایە کە تۆزقالیك یاساو پیوانەی ئینسانی و مەدەنی لە ئارادا بوایە، دەبو دەمێك پێش ئێستا دەستیان ببەسترایەو برایەن بۆ بەردەم داداگا. کارکردی 15 ساڵی تیرۆریزمی ئیسلامی‌و پشتیوانی ئەوان لە باندەکانی ئەم بزووتنەوەیە، ئیتر ئەوەندە ئەوانی ریسواو سوك کردوە، کە نەك هەر ناتوانن لەمپەردیفاعێك بن بۆ نەریت‌و بزووتنەوەی ئیسلامی، بەڵکو دەبێ شیوەن بۆ خۆیان بکەن. دەوری ئەمانە چی بووە لم کۆمەلگایەدا جگە لە مشەخۆری، جگە لە ریاکاری بۆ دەسەلات‌و تیرۆریستان، جگە لە هات‌و هاوار بۆ سەرکوت‌و کوشتاری ژنان‌و پەلاماردانی درندانەی مافەکانی ئینسان. ئیتر دەبێ دوای ئەم کارەساتە جەرگبرانەو دوای ئەم قوربانیە گەورانە، ئەمانە لە پشتی بلنگۆی مزگەوتەکان بکێشرینە خوارەوە حوکمی خۆیان وەرگرن.

## ناسیونالیزمی کوردو دەسەڵاتەکەی

بزووتنەوەی کوردایەتی‌و دوو حیزبە دەسەڵاتدارەکەشی، نەك هەر بێ بەش‌و بێ بەری نین لە تاوانە وەحشیانەکانی ئەم تاقمانە، بەڵکو راستەوخۆ دەبنە شەریکە تاوانیان و بەرپرسیاریتی گەورەیان دەکەویتە ئەستۆ بەرامبەر خەڵکی کوردستان. خودی ئەوەی دیسانەوە وەکو هەمیشە نیچیروان بارزانی دەکەویتە پاساو هینانەوە بۆ ئیسلام‌و دەیەوێ دیسانەوە خۆڵ بکاتە چاوی خەڵك‌و راستیەکانیان لێ بشێوێنێ، خەریکە تاوانێکی گەورە بەرامبەر خەڵك ئەنجام دەدات. ئەوان وەکو یەکیتی‌و پارتی‌و بزووتنەوەی کوردایەتی، وەکو دوو حیزبی دەسەڵاتدار، لەم 15 سالەدا هەمیشەو بەردەوام لە پێشبرکێی لەگەڵ یەکتری‌و هەوڵدان بۆ دەستەمۆکردنی خەڵك‌و پێشێلکردنی خواست‌و ئارەزووە پێشکەتوانەو ئینسانیەکانیان، بەباری داسەپاندنی ئیسلام‌و دەست ئاوالاکردن‌و بەهێزکردن‌و پرچەککردن‌و روسپی کردن‌و دەسەڵاتپێدانی ئەو تاقمە تیرۆریستە ئیسلامیانە کاریان کردوە کە لە پشتی ئەم بەربەریەتەوە راوەستاون‌و ئەم جۆرە باندانەیان بارهێناوە. ئەوان داهاتی بە تالانبراوی کۆمەڵگاو پاروی دەمی خەڵکیان کرد بە شاباشی تیرۆریزمی ئیسلامی‌و رژاندیانە گیرفانی ئەم تاقمانەوە. ئەوان بە یاساو نەریت‌و شەریعەتی ئەم قوتابیانەی بن لادن‌و تالیبان کۆمەڵگای کوردستانیان بەرێوەبردو بەسەر ژنان‌و لاوان‌و خەڵکی موتەمەدن‌و ئازادیخوازدا سەپاندیان.

ئەدهەم بارزانی بەو بودجەیەی کە لە حکومەتی بارزانی وەریدەگرت پولی بۆ کوشتنی من هەڵرشت، بزووتنەوەو کۆمەل‌و جندی ئیسلام بەو بودجەیەی کە لە تالەبانی‌و بارزانیان وەردەگرت سەدان ئینسانیان سەربری‌و شەلالی خوێنیان کرد، یەکگرتووی ئیسلامی لە هەمان سەرچاوەو دەسەلات داهات‌و مینبەری پەخشانەوەی فتوای کەوتبوە دەست، ئەو مەلایانەی کە بانگیشەی "جیهاد"و بکوژو ببریان دەکردو مزگەوتەکانیان کرد بە مەیدانی بارهینانی شێخ زاناکان، لە دەستی ئەم دوو حیزبە خەرجی سکی خۆیان‌و مزگەوتەکانیان‌و پەروەردەی تیرۆریستانیان وەردەگرت. کۆنەپەرست‌و تاوانبارێکی وەکو مەلا بەشیر چەندین سالە بە موچەی حکومەتی ئەم حیزبانە فتوا دەبەخشێنێتەوەو بانگیشە بۆ کاری تیرۆریستی‌و تاوان‌و پەلاماردانی مافەکانی ژنان دەکات. تالەبانی‌و بارزانی بۆ خاتری راگرتنی دڵی دەوڵەتانی کۆنەپەرستی وەکو جمهوری ئیسلامی، بۆ مەرامی داشکاندنی هاوسەنگی هێز لەبەرامبەر یەکتری، لە پیناو بەرگرتن لە رەوتی پێشکەوتنخوازیەك کە لەگەڵ دەسەلات‌و ریبازو بەرنامەی کۆنبووی بزووتنەوەکەی ئەواندا ناهاتەوە، دەسەلاتیان بەم تاقمە تیرۆریستانە دەدا، رویان سپی دەکردن، تاوانەکانیان بۆ دەشاردنەوە، رەسەن‌و نارەسەنیان لەم درندە ئینسانخۆرانە دادەتاشی، سەرئەنجام ئاشکرابوو کە بەرپرسانی دەزگا داپلۆسینەرەکانی خۆیان کە بە ناوی پاراستنی سەروماڵی هاوڵاتیان دامەزراوون، راستەوخۆ لەم تاوانکاریانەدا دەوری گەورەیان گێراوە. بەم جۆرەش کۆمەڵگای کوردستان‌و چارەنوسی خەڵکەکەیان بەم دەردە بردو کردیان بە قوربانی مەرامە پوچەکانی خۆیان. ئەمرۆش دیسان نیچیرڤان بارزانی‌و سەرانی بزووتنەوەی کوردایەتی بەدەنگ هاتوون بۆ ئەوەی ئیسلامیەکان لەم ریسوایی‌و تەنگەبەریە لە دەستی خەڵکی کوردستان رزگار بکەن‌و نەریتی ئیسلامی لە تاوانە درندانەکانی بێبەری بکەن.

## تیرۆریزم و فاشیزم خەسلەتی خودی ئیسلامە

ئیتر هیچ بەیت‌و بالۆرەیەکی سواو ناتوانێ پاساو بۆ بێتاوانی‌و بێ بەری بوونی خودی ریبازو نەریتی ئیسلام‌و مزگەوتەکانی لەم تاوانە سامناکانە بهینیتەوە. تاوانباری ئەصلی‌و سەرچاوەی ئەم تاوانکاریانە خودی رێبازو نەریت‌و شەریعەتی ئیسلامیە. ئەو نەریت‌و بزووتنەوەیەی کە میژووی دورو دریژی لە هەر جیگایەك سەری دەرهینابیت، شتێك نیە جگە لە شمشیرو ملپەراندن‌و لەت‌وپەت کردنی ئینسان. تیرۆریزم‌و فاشیزم خەسلەتیکی سەرەکی‌و جیانەکراوەی ئەم نەریتەیە. تەنانەت لەسەرەتای سەرهەلدانیەوە تیرۆر شیوەیەکی باوی ئەم ریبازەیە بۆ تەسفیە دەرونیەکانی خۆیشی، ژمارەی ئەو خەلیفەو سولتان‌و ئەمیرو پاشا ئیسلامیانەی کە لە کێشمەکێشی دەسەڵاتدا بەدەستی خودی بزووتنەوەکەی خۆیان تیرۆر کراون شایەتی ئەم راستیەن. لە دنیای هاوچەرخیشدا چ گۆشەیەکی دنیا ماوە دەستی چەپەڵی تیرۆریزمی ئیسلامی پێ نەگەیشتبێت؟ لەم سەردەمەشدا نەریتی چەپەڵی سەربرین‌و خۆ کوژی‌و تەقینەوەو کوشتاری بە لیشاوی خەڵك بە تەنها لەلایەن رەوت‌و بزووتنەوە ئیسلامیەکانەوە ئینحصار کراوە. ئەگەر ئەم تاوانکاری‌و نەریتە لە خودی ئیسلامەوە

سەرچاوە ناگرێت، بۆ تەنها لە ژێر ئالآی رەشی ئیسلامیدا بە ریشی چڵکن‌و ئالآی رەشی ئیسلامیەوە ئەنجام دەدرێن؟ خۆکوژی هەر دەکرێ نەریتی ئەو کەسانە بێت کە بە تلیاکی ئیسلامی ئیدمانیان کردوەو خۆیان دەکەن بە فیدای حوریە بالآبەرزو چاورەشەکانی فەسادخانەی ئیسلام. تینویتی بۆ کوشتاری خەڵکی مەدەنی تەنها دەکری ئەو پاساوەی هەبیت کە دەڵێ " لە پێناوی پەیامی خودادا دەبێ پەلە بکەین لە ناردنی ئەهلی بەهەشت بۆ بەهەشت‌و ناردنی ئەهلی جەهەنم بۆ جەهەنم" ئەمە تیزیکی فاشیانەی ئیسلامیە بۆ پاساودانی ئەو پیرو لاوو مندالە بێ‌تاوانانەی کە بە لیشاو دەکرێنە خۆراکی تەقینەوەی ئیسلامیەکان لە پێناو جەنگی دەسەلآتدا. شانازیش بە سەربرین‌و لەت‌و پەت کردنی ئیسنانەوە تەنها دەتوانێ مایەی ئەو حوکمە ئیسلامیە درندانەیە بێت کە دەڵێ "ئامانج ئامراز دیاری دەکات"، بە پێی ئەم مەنتقە پیسە هەموو تاوانیکاریەك لە پێناو سەپاندنی دەسەلآتی ئیسلامدا "حەلال"و رەواو پێویستە، تەنانەت ئەگەر سەربرینی منداڵێکی گوڵەبەرۆژەفرۆش یان فریودان‌و ئیغتصاب کردنی کچێك‌و تەنانەت کورێك وەیان لەت‌و پەتکردنی بێ تاوانێکیش بێت، مادام خۆفی ئیسلام‌و خودا دەخاتە دڵی مرۆڤەوە رەوایەو بە "جیهاد" بۆ جەلادەکەی دەنوسرێت.

سەدو یەك تیزو حوکمی ئیسلامی لە پشتی ئەم خوینخۆری‌و فەسادی‌و کارە چەپەلانەوە راوەستاوە. هەزارەها کردەوەی تاوانکارانە لەسەر دەستی هەموو دەسەلاتداران‌و هەموو رەوت‌و باڵەکانی ئیسلام ئەم مێژووە خوێناوی‌و دزێوەی تۆمار کردوە. بۆیە لە ئینکاری‌و پاساودان نایەن. ئەگەر پەیوەندیەکی پتەوی ئیدۆلۆژی‌و نەریتی لە نێوان ئیسلام‌و ئەم دیاردە دزێوانە نەبوایە، ئەگەر ئەمە خەسلەتی فاشیانەی خودی ئیسلام نەبوایە، ئەم هەموو تاوانە هەر تەنها لەلایەن هەلسوراوان‌و برواداران‌و فیداکارانی ئیسلامەوە روویندەدا، ئەم هەموو تاوانە هەر تەنها بە ریش‌و عەمامەی ئیسلامیەوە فتوای بۆ نەئەدرا، هەر مزگەوتەکان نەدەبونە مەیدانی مەشق لەسەر تیرۆرو سەربرین‌و ئیغتصاب. تەنانەت ئەم رووداوانە دەبێ بە توندی هەموو ئەو کەسانەش راچڵەکێنی کە لە سادەیی خۆیان باوەریان بە رێبازی ئیسلامی هێناوەو بە هیچ جۆرێك لەگەڵ ئەم خەسلەت‌و کارە دزیووو تاوانە درندانانەدا نایەنەوە.

**ئەم مەترسیە چۆن ریشەکیش بکەین؟**

قوربانیەکانی ئەم بەربەیەتە بێشك برینێکی قوڵ لە دڵی خەڵکی کوردستاندا هەڵدەکەنن، ئەمە کارەساتیکی گەورەیە کە دڵێ هەموو ئینسانێکی خاوەن شعور دەچوزینیتەوە. بەڵام دەبێ ئاشکرابوونی ئەم تاوانە چەپەڵانە بکرێتە هەلێك بۆ تەسفیە حسابێکی یەکجاری لەگەڵ ئەم نەریت‌و رێبازو بزووتنەوە لۆمپنستیە. نەجاتدانی کۆمەڵگا لەم خەتەرە سامناکە خەبات‌و هاتنە مەیدانێکی لیبراوانەو گەورەی دەوێ. پێش هەر شتێك پەردەهەڵمالینی جەسورانەو راستگۆیانە لەرووی راستیەکان‌و بنەما ئیسلامیەکانی ئەم تاوانکاریەو گەیاندنی بە خەڵك، مسئولیەتیکی گەورەیە لە ئەستۆی هەموو ئەو ئازادیخوازو مرۆڤدۆستانەی کە درك بە راستیەکان‌و بنەماو سەرچاوەکانی دەکەن. جەماوەری خەڵك دەبێ بۆ نەجاتدانی خۆیان‌و کۆمەڵگاکەیان لەم مۆرانەیە کە گەرای لە کون‌و کەلەبەرەکان داناوەو مەترسی خستوەتە دڵی هەموانەوە، بە فراوانی بهێنرێنە مەیدانەوە.

بە شکست کێشانی سیاسەتی ئەحزابی ناسیونالیستی کورد بو دەستبەپشتداهێنانی ئەم جروجانەوەرانە پێشمەرجێکی گرنگە بۆ دورخستنەوەی ئەم خەتەرە. ئەم سیاسەتە ئەگەر بەری پێنەگیری‌و ناکام نەکریتەوە، ئەم کۆمەڵگایە دەبیتە کارخانەی بەرهەمهێنانی ئەم جۆرە باندانە. بە تایبەت پاساوەکانی نیچیرڤان بارزانی بۆ ئیسلامیەکان‌و دەستپێکردنەوەی بەندو بەست لەگەڵ تاقمە ئیسلامیەکان لەوانە کۆمەلی تیرۆریستی ئیسلامی، ئەم خەتەرە زۆر جدی ترو ئەم خەباتە زۆر پێویست تر دەکات. نابێ گومان لەوە هەبێت کە سەرانی کوردایەتی دودڵیەکیان لەوەدا نیە کە دڵنەوایی‌و دەستبەپشتداهێنانی ئیسلامیەکان‌و باوەشێنی ئیسلام، هەروەها خوێنی قوربانیەکانی تیرۆریزمی ئیسلامی، بکەن بە بەخشیش بۆ ئەم باندانە لە پێناو داشکانی هاوسەنگی نێوان خۆیان‌و مەرام‌و ئامانجە کۆنەپەرستانەکانی تریان.

سەرهەڵدان‌و پەرەسەندنی ئەم دیاردەو باندە دزێوانە، جیاواز لەو هۆکارانەی باسکرا، هەر بەوجۆرەی کە 15 ساڵ پێش ئێستا منصور حکمت پێشبینی کرد، بەرهەمی سەرگەردانی سیاسی چەند ساڵەی کوردستان‌و نەبوونی دەوڵەت‌و قانونە. ئیستاش هاوپەیمانێتی نەنگین‌و تازەی ناسیونالیزمی کورد لەگەڵ سیستانیەکان‌و گریدانەوەی کوردستان بە هەل‌ومەرجێکەوە کە جەنگ‌و سیاسەتەکانی ئەمریکاو ئیسلامی سیاسی لە عیراقدا بەرپای کردوە، ئەم فاکتۆرەی هەرچی بەهێزتر کردوەتەوە. بۆیە هاتنەمەیدان بۆ جیاکردنەوەی کوردستان لە سیناریۆی رەشی عیراق‌و پێکهینانی دەوڵەتیکی سەربەخۆی غەیرە قەومی‌و سکولار، دەتوانێ شادەماری ئەو هەلومەرجە ببریت کە تیرۆریزمی ئیسلامی توانیویەتی گەرای خۆی تیا دابنێت. ئەمە مەیدانێکی سەرەکی نەبەردی خەڵك پێکدەهێنێت بۆ دورخستنەوە مەترسی تیرۆرو خوێنخۆری ئیسلامی سیاسی لەسەر کوردستان.

خەڵکی کوردستان ئەمرۆ لە هەموو کات زیاتر دەبێ لە دەوری خواستی دەوڵەتی سیکولارو جیاکردنەوەی دین لە دەوڵەت‌و پەروەدەو فێرکردن بێنە مەیدان. تەجروبەی زۆروزەبەند لە سەراسەری جیهان‌و خودی کۆمەڵگای کوردستانیشدا نیشانیداوە کە تێکەڵکردنی دین

لەگەڵ دەوڵەتو پەروەردەو فیرکردن سەرچاوەی کارەساتو بارهێنانێکی درندانەو رووداوی جەرگ برە. بەرێوەبردنی کۆمەڵگا لەسەر بناغەی یاساو نەریتی دینی مایەی بێ مافیو پەرەسەندنی تاوانو زولمو زۆرداریو ئالودەبونی بیروهۆشی نەوەکانو لە ژێرپێنانی مافە فەردیو مەدەنیەکانی خەڵکە. بۆیە دەبێ دین لە دەوڵەت جیا بێتو ببیتە کاری تایبەتی هەرکەس، هەر هاولاتیەك ئازاد بێت لەوەی هەر دینو بیروباوەریکی هەبێت یان هیچ دینێکی نەبێت، بەلام نابێ هیچ دەخالەتو دەورێکی لە کاروباری دەوڵەتو یاساو دەستورو پەروەردەو فێرکردندا هەبێت.

پەخشانەوەی بیروباوەری دینی وەکو هەر بیروباوەریکی دیکە، کارو مسئولیەتی ئازادانەی ئەوکەسانەیە کە باوەریان پێەتی، دەبێ لەسەر ئەرکی خۆیان خەرجو مەخارجی مەلبەندو دامەزراوەو مزگەوتو پەرستگاکانی دابین بکەن، نابێ بودجەی دەوڵەت بۆ هیچ دینێك خەرج بکرێت، نابێ دامەزراوەی دەوڵەتی بۆ راپەراندنی کاری ئاینی پێکبهێنرێت. دەبێ سەرجەم یاساو دەستورو دامەزراوە دەوڵەتیەکان لەسەر بناغەی پێوانە ئینسانیەیەکانو یەکسانیو خۆشبەختی هاوڵاتیان دابرێژرێت. دەبێ هەموو هاوڵاتیان بە دیندارو بێ دینەوە، بە ئیسلامو غەیرە ئیسلامەوە، بە ژنو پیاوەوە، لەبەرامبەر یاسادا بە تەواوی مافی یەکسانیان هەبێت. دەبێ هەموو ئەو لایەنو دەستەو تاقمە ئیسلامیانەی ئێستای کوردستان کە هەر کامیان بە جۆرێك دەستیان لە کاری تیرۆریستیو هاندانی کاری توندوتیژیدا هەیە هەلسورانیان قەدەغە بکرێتو مینبەرەکانیان دابخرێتو خۆشیان دادگایی بکرێن، ئەو مزگەوتانەی کاری سیاسیو دەرسو مەشقی تیرۆریستیو هاندانی تیرۆرو توندو تیژیان تیاکراوە دەبێ دابخرێنو بەرپرسەکانی وەکو تاوانبار لە کاری تیرۆریستی دادگایی بکرێن. دەبی بلنگۆی مزگەوتەکان دابگیرێن چ بۆ ئەوەی وەکو مینبەری هاندانی تیرۆریستی لە ئاستی شارو گەرەکەکاندا، کەلکیان لی وەرنەگیرێو چ بۆ ئەوەی ئەو خەڵکانەی باوەریان بە ئیسلام نیە هەراسان نەبن. دەبێ خەباتێکی هەمەگیرو لێبراوانە بکرێت بۆ بە شکست کێشانی بزووتنەوەی تیرۆریستو کۆنەپەرستی ئیسلامی سیاسی. ئەمانە ئەو مەیدانە سەرەکیانەی نەبەردی خەڵکی کوردستانن کە زامنی دورخستنەوەی ئەم کۆمەڵگایەن لە هەرەشەی سامناکی تیرۆریزم.